

دەریا ڕەواندزی

## بۆ ڕۆژ ئاوای کوردستان

1

نیوتن یاسای ڕاکێشانی دۆزیەوە
دەیان هەزار شەهید ، دەکەون
بێ ئەوەی جیهان یاسای مرۆڤایەتی،
بدۆزێتەوە.

2

بینینی هەر تەرمێک
لە ناخەوە دەمهەژێنێ
دەرگای حەوشەکەمان
هەر بە کراوەیی جێ دێلم
نە وەک شەو درەنگانێ
بگەڕێنەوە
بۆ باوەشی فریشتەکان.

3

لەوەتەی رۆیشتوون
ماڵێکمان هەیە
لە چۆڵیی،
حەوشەیەکمان هەیە
لە تەنیایی
ژوورێکمان هەیە
لە دڵتەنگیی
باخێکمان هەیە

لە خەمناکیی
گۆرانییەکمان هەیە
لە بێدەنگیی
ئاوازێکمان هەیە
لە تاریکیی
ئاسمانێکمان هەیە
بۆ فرمێسک کۆکردنەوە
خاکێکمان هەیە بێ وڵات.

4

بەرگی ڕەش هەموو مرۆڤەکانی داپۆشیوە
خەم، دڵی هەموویانی داگیرکردوە
نازانن بۆ...؟
چونکە (جەنگ، کوشتن، فەنابوون)
هەموو جیهانی تەنیوە
خودایە..
جەنگ شکۆمەندیی و بەهاکان و میهرەبانیی
تێکشکاندوە و
شارەکانی بێدەنگ کردوە و
ماڵەکانی پڕ لە تەنیایی کردوە و
چاوەکانی بە چاوەڕوانیی سپاردوە و
ژیانی مرۆڤی بێ نرخ کردوە.

کەنەدا/ئەلبێرتا
دەریا ڕەواندزی